حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٣٠) لە ٢٠٢٣/١١/١٥

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی هەردوو بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ و هەرێم، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٩) لە ٢٠٢٣/١١/١٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری کە لەبەر ڕۆشنایی تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة) لە نزیکترین دەرفەتدا پاکتاوی حیسابات بکەن تاوەکو ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١.

٢. ڕاسپاردنی سەرجەم وەزارەتەکان بۆ هەماهەنگیی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ جێبەجێکردنی بڕگەی (١)ی سەرەوە و پێویستە بە بێ دواکەوتن مانگانە لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگ دا تەرازووی پێداچوونەوە (میزان المراجعة)ی مانگی پێشوو بنێرن بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری. بە پێچەوانەوە، پێویستە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر لایەنی کەمتەرخەم وەربگیرێت.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران